گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ژمارە ( ١٠ ) لاپەرە ( ٢٠٥-٢٢٠ )

# سانسوری رۆژنامەنووسی شێواز وجۆر وئاراستەکانی

د. محمد دلێر امین محمد
بەشی کوردی / کۆلێجی زمان / زانکۆی سلێمانی

## پێشەکی

سانسۆری رۆژنامەنووسی ( الرقابە الصحفیە ) ، لەگەڵ سەرهەڵدانی چاپەمەنیدا سەری هەڵداوە ، مێژوویەکی دێرینی هەیە و بەقۆناغ و سەردەم دەسەلاتی سیاسی جیاوازدا تێپەڕیوە ، بەشێوەی ئاشکرا و نهێنی ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دژ بە ئازادی رۆژنامەنووسی وەستاوەتەوە ، شێواز و جۆر و ئاستەکانی گۆڕراون و لەگەڵ هەل و مەرجی سیاسی و ئاستی هۆشیاری خەڵك و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ، هەوڵی ڕێگرتنیان لە ئازادی بیروڕاداوە و بە ئامانجی بەربەست و دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پەیوەندی کردندا ( عملیە الإتصال ) بەرنامەڕێژیان کردووە ، لەزۆرینەی جاردا سانسۆر بە پێی یاسا و دۆزینەوەی بەهانەی یاسای لە ناو بەندەکانی ( یاسای چاپەمەنی )کاری خۆی کردووە ، و ڕێگای لە بلاوبونەوەی رۆژنامەی ئازاد و نەیاری دەسەلات گرتووە ٠
زۆرترباسی توێژینەوە سەبارەت بە ئازادی رۆژنامە نووسی کراوە و کەمتر باسی تایبەت سەبارەت بەسانسۆر کراوە ،کە دوو جەمسەری دژ بەیەك و دوو ئاراستەی پێچەوانەن . تاماکی سانسۆربە هەر شێواز وجۆری بوونی هەبێت ، ئەوا بەشێك لە ئازادی رۆژنامە نووسی لە مەترسیدایە و پەیامی نێرەر وەك پێویست نیە و ئامانجدارە ناگاتە وەرگر و خواستەکانی جێبەجێنابن ٠
توێژینەوەی تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن بەگشتی و سانسۆر بەتایبەتی بە زمانی کوردی ، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە ، لەبەر کاریگەری و دەسەلاتی ڕاگەیاندن لە ئەمرۆدا و لێشاوی چاپەمەنی و گۆڤار و رۆژنامە و کەناڵەکان لە هەرێمی کوردستاندا ، ئەو رۆڵەی لە هۆشیاری تاکی کوردا ئەبینن ٠
لەم جۆرە توێژینەوانە لەگەڵ ئەو پەراوێزی ئازادی دەربڕین و بلاوکراوانەدا کە ئەمرۆ لە ئارادایە و ئومێدی ئایندەی گەشتری لێئەکرێت ، دەگمەنەو بە شێواز و میتۆدی زانستی نەخراونەتە ڕوو ٠
لەم توێژینەوەیەدا کە تایبەتە بەو جۆر و شێوازانەی کار دەکەنەسەر رۆژنامەنووسی نووسراو ( الصحافە المکتوبە ) ، هەوڵدراوە بە شێوازی زانستی و لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرچاوە و وەرگرتنی نموونەی جیاجیاوە کاریگەری سانسۆری رۆژنامەنووسی نووسراوشیبکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە : سەرەتا چەمکی سانسۆر لە ڕووی

دەستەواژە و بوونی لەناو فەرهەنگی ڕاگەیاندن و سیاسیدا ، دواتر لەڕووی مێژووییەوە جۆرەکانی باس کراون و زیاتر بایەخ بەو جۆرانە دراوە کە لە ڕۆژهەڵات و دەسەڵاتی سیاسی لە مێژینەو و ئەمڕۆی ناوچەکەدا بەکارهاتوون و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە یاساکانی چاپەمەنیدا.

کێشەی سەرەکی کە لە نووسینی ئەم جۆرە توێژینەوانە لەوەدایە کە سەرچاوەی تایبەت و زانستی بە زمانی کوردی نەك هەر دەگمەنە بەڵکە لەڕیزی نەبوودایە . ناچار بووین لە سەرچاوەی بێگانە و ئەزموونی گەلانی تر و دەقی یاسا چاپەمەنیەکاندا . مەبەستی توێژینەوە کەهەڵگۆزین.

وشەی سانسۆر ( censere ) لەبنەچەدا وشەیەکی لاتینییە و بەواتای( حوکمدان و نرخدانان ) [1] هاتووە ، لێرەدا دەردەکەوێ کە هەر لەسەرەتاوە مەغزای سزاو هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی چاودێری وەرگرتووە ، دواتر پەرپیوەتەوە بۆ قەدەغە کردن و نەهێشتنی ئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی هەر باوەڕ و بەرهەمێکی ( ئەدەبی ، هونەری ، سیاسی ، ئاینی ، فەلسەفی ) یە،کە بە بۆچوونی ڕژێمی سیاسییان ڕەوشتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، بە زەرەرمەند وترسناکی بزانن [2]

سانسۆر لە فەرهەنگی دەستەواژەی ڕاگەیاندندا ، بە شێوەیەك هاتووە کە ڕێگرتن و قەدەغەکردنەلەلایەن دوڵەتەوە جێبەجێدەکرێت سەبارەت بەبڵاوکراوەکان( چاپەمەنی ) ئەمەش بە هۆیئەوەی دوڵەت ئەو بیرو بۆچوونانە بەخراپ وکێشەنانەوە دەزانێبۆ ئاسایشی وڵات و پێگەی دەسەڵاتەکەی ،لەبەرئەوە لە بارودۆخی تایبەتدا جێبەجێ دەکات [3]

دیارە بە پێی ئەم بۆچوونە تەنیا دوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسی سانسۆر پیادە دەکات بەلام لە واقیعدا گەلێ لایەن و ڕێکخراو و ڕەوشتی کۆمەلایەتی و نەریتی باو ، سانسۆر دەخەنە سەر بڵاوکراوەکان و تەنانەت خودی نووسەر جۆرێك لە سانسۆر دەخاتە سەر نووسین و بڵاوکراوەکانی و ناتوانێ زۆر بەئاشکرا ئەوەی لە ناخیدایە دەرببڕێ بەمەش ( سانسۆری خودی ) جێی جۆرەکانی تر دەگرێتەوە .

سانسۆرلە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا ، پێشینەیەکی کۆنی هەیە ، و هەمیشە ئامادەیی هەبووە و ململانێی مێژوو لە جەوهەردالە ململانێی نێوان ئازادی و قەدەغەکردنی ئازادیدایە ، بەم شێوەیە هەموو هەوڵی دەربڕینی ئازاد لە ڕێگای زارەکی یان نووسراو ، ڕووبەڕووی سانسۆر و قەدەغەکردن بۆتەوە و تاستەم هەبێت ئەم ململانێیە بەردەوامە .

# سانسوری رۆژنامەنووسی شێواز وجۆر وئاراستەکانی

د. محمد دلێر امین محمد
بەشی کوردی / کۆلێجی زمان / زانکۆی سلێمانی

## پێشەکی

سانسۆری رۆژنامەنووسی ( الرقابە الصحفیە ) ، لەگەڵ سەرهەڵدانی چاپەمەنیدا سەری هەڵداوە ، مێژوویەکی دێرینی هەیە و بەقۆناغ و سەردەم دەسەلاتی سیاسی جیاوازدا تێپەریوە ، بەشێوەی ئاشکرا و نهێنی ، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دژ بە ئازادی رۆژنامەنووسی وەستاوەتەوە ،شێواز و جۆر و ئاستەکانی گۆڕراون و لەگەڵ هەل و مەرجی سیاسی و ئاستی هۆشیاری خەڵك و دەزگاکانی راگەیاندندا ، هەوڵی رێگرتنیان لە ئازادی بیروراداوە و بە ئامانجی بەربەست و دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پەیوەندی کردندا ( عملیە الاتصال ) بەرنامەرێژیان کردووە ، لەزۆرینەی جاردا سانسۆر بە پێی یاسا و دۆزینەوەی بەهانەی یاسای لە ناو بەندەکانی ( یاسای چاپەمەنی )کاری خۆی کردووە ، و رێگای لە بڵاوبونەوەی رۆژنامەی ئازاد و نەیاری دەسەلات گرتووە ٠

زۆرترباسی توێژینەوە سەبارەت بە ئازادی رۆژنامە نووسی کراوە و کەمتر باسی تایبەت سەبارەت بەسانسۆر کراوە ،کە دوو جەمسەری دژ بەیەك و دوو ئاراستەی پێچەوانەن . تاماکی سانسۆربە هەر شێواز وجۆری بوونی هەبێت ، ئەوا بەشێك لە ئازادی رۆژنامە نووسی لە مەترسیدایە و پەیامی نێرەر وەك پێویست نیە و ئامانجدارە ناگاتە وەرگر و خواستەکانی جێبەجێ نابن ٠

توێژینەوەی تایبەت بە بواری راگەیاندن بەگشتی و سانسۆر بەتایبەتی بە زمانی کوردی ، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە ، لەبەر کاریگەری و دەسەلاتی راگەیاندن لە ئەمرۆدا و لێشاوی چاپەمەنی و گۆڤار و رۆژنامە و کەناڵەکان لە هەرێمی کوردستاندا ، ئەو رۆڵەی لە هۆشیاری تاکی کوردا ئەبینن ٠

لەم جۆرە توێژینەوانە لەگەڵ ئەو پەراوێزی ئازادی دەربرین و بڵاوکراوانەدا کە ئەمرۆ لە ئارادایە و ئومێدی ئایندەی گەشتری لێئەکرێت ، دەگمەنەو بە شێواز و میتۆدی زانستی نەخراونەتە روو ٠

لەم توێژینەوەیەدا کە تایبەتە بەو جۆر و شێوازانەی کار دەکەنەسەر رۆژنامەنووسی نووسراو ( الصحافە المکتوبە ) ، هەوڵدراوە بە شێوازی زانستی و لە رێگای بەکارهێنانی سەرچاوە و وەرگرتنی نموونەی جیاجیاوە کاریگەری سانسۆری رۆژنامەنووسی نووسراوشیبکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە : سەرەتا چەمکی سانسۆر لە رووی

دەستەواژە و بوونی لەناو فەرهەنگی ڕاگەیاندن و سیاسیدا ، دواتر لەڕووی مێژووییەوە جۆرەکانی باس کراون و زیاتر بایەخ بەو جۆرانە دراوە کە لە ڕۆژهەلاَت و دەسەلاَتی سیاسی لە مێژینەو ئەمڕۆی ناوچەکەدا بەکارهاتوون و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە یاساکانی چاپەمەنیدا.

کێشەی سەرەکی کە لە نووسینی ئەم جۆرە توێژینەوانە لەوەدایە کە سەرچاوەی تایبەت و زانستی بە زمانی کوردی نەك هەر دەگمەنە بەڵکە لەڕیزی نەبوودایە . ناچار بووین لە سەرچاوەی بێگانە و ئەزموونی گەلانی تر و دەقی یاسا چاپەمەنیەکاندا ،. مەبەستی توێژینەوە کەهەڵگۆزین.

وشەی سانسۆر ( censere ) لەبنەچەدا وشەیەکی لاتینیيە و بەواتای( حوکمدان و نرخدانان ) [1] هاتووە ، لێرەدا دەردەکەوێ کە هەر لەسەرەتاوە مەغزای سزاو هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی چاودێری وەرگرتووە ، دواتر پەڕیوەتەوە بۆ قەدەغە کردن و نەهێشتنی ئاشکراکردن و بلاَوکردنەوەی هەر باوەڕ و بەرهەمێکی ( ئەدەبی ، هونەری ، سیاسی ، ئایینی ، فەلسەفی ) یە ،کە بە بۆچوونی ڕژێمی سیاسییان ڕەوشتی دەسەلاَتی فەرمانڕەوا، بە زەرەرمەند وترسناکی بزانن [2]

سانسۆر لە فەرهەنگی دەستەواژەی ڕاگەیاندندا ، بە شێوەیەك هاتووە کە ڕێگرتن و قەدەغەکردنە لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێدەکرێت سەبارەت بەبلاَوکراوەکان( چاپەمەنی ) ئەمەش بە هۆیئەوەی دەوڵەت ئەو بیرو بۆچوونانە بەخراپ وکێشەنانەوە دەزانێ بۆ ئاسایشی ولاَت و پێگەی دەسەلاَتەکەی ،لەبەرئەوە لە بارودۆخی تایبەتدا جێبەجێ دەکات [3]

دیارە بە پێی ئەم بۆچوونە تەنیا دەوڵەت یان دەسەلاَتی سیاسی سانسۆر پیادە دەکات بەلاَم لە واقیعدا گەلێ لایەن و ڕێکخراو و ڕەوشتی کۆمەلاَیەتی و نەریتی باو ، سانسۆر دەخەنە سەر بلاَوکراوەکان و تەنانەت خودی نووسەر جۆرێك لە سانسۆر دەخاتە سەر نووسین و بلاَوکراوەکانی و ناتوانێ زۆر بەئاشکرا ئەوەی لە ناخیدایە دەرببڕێ بەمەش ( سانسۆری خودی ) جێی جۆرەکانی تر دەگرێتەوە .

سانسۆرلە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا ، پێشینەیەکی کۆنی هەیە ، و هەمیشە ئامادەیی هەبووە و ململانێی مێژوو لە جەوهەردالە ململانێی نێوان ئازادی و قەدەغەکردنی ئازادیدایە ، بەم شێوەیە هەموو هەوڵی دەربڕینی ئازاد لە ڕێگای زارەکی یان نووسراو ، ڕووبەڕووی سانسۆر و قەدەغەکردن بۆتەوە و تاستەم هەبێت ئەم ململانێیە بەردەوامە .

***لەڕەوتی مێژوودا سانسۆر/ بەگشتی دوو ڕووكاری هەیە :-***

١- ڕووكاری ڕێگرتن لە پرۆسەی پەیوەندیكردن ( عملیه الآتصال ) ، كە دەبێتە شێواندنی بیر و زانیاری یان ئەو مەبەسەی نێرەر و سەرچاوە ( المرسل و المصدر ) مەبەستیانە ،ئەم جۆرە تاك یان كۆمەڵگاله پێگەی دەسەڵاتەوە بە زەبری هێزجێبەجێی ئەكەن ،دیارە تا دەسەڵات توانای زیاتر بێت،مەودای سانسۆر فراوانتر و سەختر ئەبێت .

ب- دانانی چەند بەربەستێك بەئاشكرا یان نهێنی لە ڕێگای دەسەڵاتەوە بۆ سەر ڕێكخراوی سیاسی وكۆمەڵایەتی و ئایینی یان دید و بۆ چوونی تاكە كەس كەبەگشتی قەدەغەكردنیئازادی بیروڕادەگرێتەوە [٤] ، ئەوەی دیار و ئاشكرایە ، سانسۆری تایبەت بە پەخش و بڵاوكردنەوە (چاپەمەنی ) لە دوای شۆڕشی چاپەمەنیەوە دەركەوتووە و ڕاستەوخۆ دەسەڵات بۆ بەرگری لە خۆی ،بەند وكۆتی داناوە ،لە دوای داهێنانەكەی گۆتێنبرگ ( ١٤٣٦ز) كە بووە هۆی گواستنەوەی زانیاری و گەشەی ڕووناكبیری و پردی پەیوەندی كۆمەڵگاكان ،دامەزراندنی چاپخانە لەڕۆژئاوادا پەرەی سەند ،كتێب و ڕۆژنامە كەوتنە بەرچاوی چین و توێژەكانی خوارەوە و لافاوی چاپەمەنی هەرەسی بە دیواری نێوان سنوورە دەستكردەكان هێنا و بیری زانا و ڕووناكبیران لە قەڵەمڕەوی نەتەوەییەوەی تەسكەوە چوونە قۆناغ و پانتاییەكی فراوانترەوە ، لەبەردەم مەترسی هۆشیاری خەڵكدا، دەسەڵاتە سیاسی و ئایینیەكان لە ڕۆژئاوادا كەوتنە خۆ ، وەك د.كەمال مەزهەر ئەڵێت (( پەنایان بردە بەر ڕێگای تر بە نیازی كەم كردنەوەی زیانە كوشندەكانی چاپ ، لە ساڵی ( ١٥٥٩ ) وە كڵێسە دەستی كردە دەركردنی لیستەی قەدەغەكردنیكتێب )) [٥]. لێرەوە دەردەكەوێ كە وەك چۆن ئامێری چاپ و شۆڕشی چاپەمەنی لە ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە ،هەر لەو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەوە ، سانسۆری چاپەمەنی ئاشكرا دەركەوتووە ،لەبەرئەوەی (( پاپاوكاردیناڵەكان لەوە دەترسان ئینجیل بە شێوەیەكی فراوان بڵاببێتەوە و بگاتەدەستی هەموو كەس و ئەمەش بێتە هۆی ئەوەی خەڵكی بۆ خۆیان لە ناوەڕۆكی تێبگەن و بەوجۆرە پەردە لەسەر ڕووی ئەوان ودووركەوتنەوەیان لە ڕێگەی ئایینی دروست هەڵبماڵرێ )) [٦].

لەو كاتەی ڕۆژنامە وەك سەكۆیەكی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەركەوتووە ، سانسۆر وەك دژێكی ئازادی خۆی خستۆتە ڕوو ، هەر لەبەرئەوەیە هەر قۆناغ و سەردەمێ كە مەودای ئازادی ڕۆژنامەنووسی فراوان بووبێ ، ئەوا زەبری سانسۆر زیاتر دەپوكێتەوە و ناچار دەبێ شێوازی ئاشكرای خۆی بگۆڕێ ، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە . نموونەی ئەم حاڵەتە لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسیەوە ، سەرچاوە دەگرێ ، كەچۆن لێشاوی ڕۆژنامەكان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە ، ڕوو لە جەماوەری بوون بوون و لە دەنگی دەسەڵاتەوە بوونە ڕۆژنامەی جەماوەری ،

هەروەها دوای ڕاپەڕینی ئازاری ( ١٩٩١ ) هیچ جۆرە سانسۆرێکی ئاشکرا نەما و دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار کەوتنە ناوەندی ڕووناکبیری کوردییەوە .

ئەگەر چی ڕووناکبیر و داکۆکی کەرانی ئازادی و ئازادی ڕەها ، لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا و بە هەموو شێوەیەکی خەبات ، هەوڵیان داوە لە بازنەی سانسۆر دەربچن و بتوانن بە ئازادی بیروباوەڕی خۆیان دەرببڕن و ببنە زمانحاڵی ڕاستەقینەی داخوازی گەل و مافە ڕەواکانی وەك لە مێژووی ڕۆژنامە نووسی کوردییدا دەردەکەوێ (٧) . لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە توێژەر و زانایانی بواری ڕۆژنامەنووسی ، پێیان وایە ، سانسۆر لە هەندێ کاتدا بوونی پێویستە بەلام بەشێوەیەکی ڕێژەیی نەك ڕەها ، لەم ڕووەوە د.عبداللگیف حمزە دەنووسێ :(( پێویستە ئازادی ڕۆژنامە نووسی ، سنووری هەبێت و دەوڵەت ڕۆژنامەکان مل کەچی چەند بەندو کۆتێ بکات ، تا ئاسایش بپارێزێ لەبەر ئەوەی دەوڵەت بەر پرسیارە لە پاراستنی ڕژێم و ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە ))(٨)

مەبەستی نووسەر و پاکانە هێنانەوەیە بۆ جۆری لە سانسۆر لە ڕێگا ی یاساوە بۆ ئەوەیە لە ڕێگای جۆرێك سانسۆرەوە ڕێگا لە و تاوانانەی بگیرێت کە بەناوی بیروباوەڕەوە ئە نجام ئەدرێن ، یان ئازادی ڕەها دەگرێتە جۆرێك لە ئاژاوە گێڕی و تۆڕی کۆمەلایەتی لێك دەترازێنێ و تاك دەخاتە بەر گومان و دڵەڕاوکێ .

بوونی سانسۆر کە بە شێوەی ئاشکرا لە لایەن دەسەلاتی سیاسی یەوە دەربکەوێ دوو جۆرە :

١- شێوەی لە یاسا بەدەر ، کەزیاتر لە ڕۆژانی شەڕو ئاژاوەی ناخۆ و پەشێوی ئابووری‌و سیاسی‌دا دەخرێتە سەر ڕۆژنامەو کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن ، بەبەهانەی ئەوەی ئاسایشی ناوخۆ پێویست دەکات و دژە ڕاگەیاندن کپ دەکات .

٢- شێوەی سزادان ، کە ئەو سانسۆرەیە کە دەستەلاتی دادوەری دەیسە پێنێ و وەك هەر تاوانێکی تر سزای بۆ دەبڕێتەوە ، زیاترلە یاساکانی چاپەمەنیدا خۆی دەردەخات و چەند جۆرێك لە خۆ دەگرێت کە لەدواتر ڕوونی دەکەینەوە(٩)

لە خوێندنەوەی مێژووی ڕۆژنامە نووسی میللەتاندا ، دەردەکەوێ ، کە سانسۆری چاپەمەنی بە تایبەتی‌لەدوای سەدەی پازدەهەمەوە ، لەوکۆمەڵگایانە دا پەیڕەو دەکرێت کەڕژێمە دیکتاتور و توتالیتار یەکان حوکمرانیان دەکەن ، ئەو ڕژێم و دەستەلاتانەی لەسەر بنەمای پیرۆزکردنی‌دەسەلات و پشت بەستن بە هەرەمی جێنشینی گەشەبە دەستەلات دەدەن و هەمیشە جەنگی مانەوە دەکەن ،بە هەموو شێوازێ مافی زانین و پەیوەندە کردن قەدەغەدەکەن ، ڕاستەوخۆ و ناراستەو خۆ ، کۆنترۆڵی کەناڵەکانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن ئەکەن. لە ڕۆژئاوادا و لەسەردەمی سەر هەڵدان و گەشەی شۆڕشی چاپەمەنی دا ، دەستەلات بە چەند شێوەیەکی ئەفسانەی دەرکەوتن ،

کە هەندێکیان پێشینەی مێژووییان هەبووە ، وەك دەوڵەتی ئیمپراتوریەت و بیری دروستکردنی ئیمپراتوریەت کە لەگەڵ سەردەمی رۆمانەکاندا دەرکەوتبوو ، دواتر دەستەڵاتی فیئوداڵی کە دەوڵەتی بەسەر چەند دەستەڵاتێکدا دابەش کرد کە دەستەڵاتی ئایینی لایەنێکی سە پێنراوی بەهێزیان بوو (١٠) هەر لەو کاتەوە گەلانی رۆژئاوا ، کەوتنە ژێر دوو دەستەڵاتی سە پێنراو باڵادەستەوە، دەستەڵاتی ئایین و دەستەڵاتی پاشاو دەربەگەکان ، کە تەواوکەری یەکتر بوون و بەرژەوەندیان تێکەڵاو بوو ، هەر لەو سەرەتایەوە تا رۆژانی دواتر و دووبارەبوونەوەی ئەو شێوازانەی دەستەڵات ، سانسۆر لەسایەی دەستەڵاتی سیاسیدا ، بەم جۆرانە دەرئەکەوێ :

### أ- سانسۆر لە رێگای بەربەستی ( مۆڵەت )ەوە :

سادەترین شێوە سانسۆرە ، دەستەڵاتی سیاسی ئەتوانی لە رێگای یاسای چاپەمەنی یەوە مەرجی مۆڵەت وەرگرتن بۆ رۆژنامەنووسی دابنێ ، مەرجەکانی خۆی لە بازنەیەکدا چربکاتەوە ، هەموو ئەو کەسانەی ئەیانەوێ رۆژنامە یابلاوکراوەیەك بلاوبکەنەوە و داوای مۆڵەتی یاسای ئەکەن دەستەڵاتی سیاسی مۆڵەت بەوانەبدات تا دوور ونزیك لەگەڵ خواست و مەرامی سیاسی ئەودا ئەگونجێن ، رێگا بەو رۆژنامانە بدات کەبەمەترسی نازانێ و هاندەر نیە بۆ وورووژاندنی رای گشتی و هۆشیارکردنەوە یان ، ئەم جۆرە کۆنە و تا ئەمرۆ پیادە ئەکرێت ئەگەر سەرنج بدەینە یاسای عوسمانی ساڵی ١٨٥٧ ز ، پێویست بووە بۆ لە چاپدان و هێنانی ئامێری چاپەمەنی ، مۆڵەت وەربگیرێت (١١)

بەربەستی مۆڵەت لە سەرەتای دەرکردنی یاساکانی چاپەمەنی یەوە تا ئەمرۆ بۆتە جۆرێکی ئاشکرا و سەرەتای بۆ سانسۆری رۆژنامەنووسی و بە بەندەکانی یاسای چاپەمەنیدا شۆڕبووەوە ، تەنانەت ئەو یاسایانەش کە جۆرێ لە ئازادی بیرو رایان سنوور دار نەکردبوو ، مەرجی مۆڵەتیان لانەبرد ، بۆ نموونە یەکەم یاسا لە رۆژهەڵاتی ناوەرستدا کە لە دەوڵەتی عوسمانی دا دەرکەوت بۆ رێکخستن کاروباری رۆژنامەنووسی لە ساڵی ١٨٦٣ ز دەرچوو ، هەندی ئازادی سنورداری دابوو بە رۆژنامەکان بە پێی ئەم یاسایە دەبووایە مۆڵەت لە دەوڵەت وەربگیرێ (١٢) .

بوونی مۆڵەت مانای سانسۆرێکی پێش وەخت و لێپرسینەوە ی یاسای و قەدەغەکردنی بلاوکراوەیەك کە بە سووسەیەك بۆنی نارەزایی و سەنگەری بەرامبەری لێبێت ، بەناوی یاساو رێکخستن کاری رۆژنامەنووسی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و مافی هاووڵاتیەوە .

ئەم جۆرە سانسۆرە ( مۆڵەت وەرگرتن ) خاوەن سەرمایەی مادی و فیکری ناچار ئەکات زیاتر رووبکەنە ڕۆژنامەنووسی ئەدەبی و کۆمەلایەتی دەست لەکاری سیاسی وەرنەدەن و گێچەڵ و ڕێگر بۆ خۆیان دروست نەکەن ، لەبەر ئەوەی لە کاتی سەرپێچیدا ئەتوانرێ مۆڵەتی لێوەربگیرێتەوە و بلاو کراوەکەی دا بخرێت ٠

ئەم سانسۆری مۆڵەت وەرگرتنە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی کوردیەوە ١٨٩٨/٤/٢٢ تا ئەمرۆ بە بزافی ڕۆژنامەنووسی کوردیەوە دیارە ، بلاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ( کوردستان )ی دایك و دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی ، لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی دەسەلاتی سیاسی و لە ئاوارەیی بەڵگەی زەبری مۆڵەت و ڕەتکردنەوەی ئەو سانسۆرەیە لەلایەن دەستەبژێر ( نخبە )ی هەڵکەوتەی کورد و ڕۆژنامە نووسانیەوە ، ئەو سەردەمانەی کورد ئازادی و سەربەخۆی و حوکمی خۆیی بینیوە ، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێویستیان بە مۆڵەت نەکردووە ، زیاتر بازنەی ئازادی دەربڕین و هەڵبژاردنی ناو و بابەت و ووتاری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی گەشەوفراوان بووە وەك لە ڕۆژنامەکانی ( بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان و بانگی حەق و ئومێدی ئیستقلال )ی سالانی ١٩٢٢-١٩٢٤ی یەکەمین دەسەلاتی کوردا لە سلێمانی ئەیبینین ، هەروەها لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان و دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ی کوردستانی باشووردا (١٣) ٠

### ب- سانسۆر لە ڕێگای دانانی چاودێرەوە ( مراقب )

لەگەڵ بەرەو پێشچوونی بیروباوەڕ و فراوان بوونی مەودای چاپەمەنی و پەخش و بلاوکردنەوە ، بەتایبەت لە سەدەی شازدەهەم و دوای تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر شۆڕشی چاپەمەنیدا لە ئەڵمانیادا بەرهەمەکانی ئەو شۆڕشە فیکری و مادییە هەموو ڕۆژئاوای گرتەوە ، چاپەمەنیبووە مەترسیەکی زەق و ئاشکرا بۆ دەستەلات بە تایبەت کە ئەو ئامێری چاپ و کەسانەی بەکاری ڕۆژنامەنوسی هەڵدەسان بەشێکیان نەیاری دەسەلات بوون و کە بوونە هۆکاری هوشیارکردنەوەو دروست بوونی پارت و ڕێکخراوی جۆراو جۆر و زۆر بوونی کەسانی ڕووناکبیر ، ڕۆژنامەنووسی بووە قوتابخانەیەکی گەرۆك و هەواڵی ناوخۆ و دەوروبەریان پەخش و شیدەکردەوە ، ئەمانە و گۆرانکاری سیاسی و کۆمەلایەتی وئابوری بوونە هۆی تەسکردنەوەی بازنەی سانسۆری مۆڵەتوەرگرتن ولەملاولا دڕ بەمۆڵەت درا و گۆرانکاری لە یاسای چاپەمەنیدا لە هەندێ شوێن کرا ، دەسەلاتی سیاسی لە زۆر شوێنی وولاتی ڕۆژئاوادا و ڕۆژهەلاتدا .، ناچاربوون هەوڵ بدەن ڕاستەوخۆ چاودێری بەسەر چاپەمەنیەوە دابێن ، فەرمانبەری تایبەت و کەسانی سەر بەدەستەلات بخەنە کار بۆ بەدواداچوونی بلاوکراوەو چاپەمەنیەکان ، تالەڕێگای (

راپۆرت و یاداشت ) ەوە بە نهێنی و ئاشكرا دەستەلاَتی سیاسی لەومەترسیانە ئاگاداربكەنەوە كە ئەوبلاَو كراوەیە هەیەتی و تاچەند رای گشتی هۆشیار ئەكاتەوە پێگەكانی دەستەلاَت لەق ئەكات (١٤) . زۆر جاركارگەیشتە ئەوەی دەولەت نەك فەرمانبەرێك ، دەزگایەكی تایبەت بۆ چاودێری و بەدواداچوونی بلاَو كراوەكان دابنێ وەك ( وەزارەتی رێنمایی ، راگەیاندن ....هتد ) كە جگە لەسەر پەرشتی راگەیاندنی دەولەت ئەركی چاودێریشی هەیەو دەستەلاَتی لەم رووەوە دراوەتێ بەلاَم لەهەر دەولەت و دەستەلاَتێك دا بە شێوازی جیاواز ، بۆ نمونە ، یاسای چاپەمەنی سعودی لەبەندی ( ١٦ ) یدا دەنووسێ (( وەزارەتی راگەیاندن مافی دەست بەسەراگرتنی هەر چاپكراوێكی هەیە گەر پێشتر مۆلەتی پێدرابێ یانەدرابێ ، بۆی هەیە قەدەغەی بكات بێ ئەوەی قەرەبووی بداتێ و یان ژمارەكانی بپارێزێ ،هەروەها خۆی ( واتە وەزارەتی راگەیاندن ) سەرپشكە كە رێگا بدات دووبارە دەربچێتەوە ، یان نا و رێگا لە چوون دەرەوەی بگرێت )) (١٥) .

هەروەها لە ولاَتی ( عوممان ) ی كەنداودا ، لیژنەی تایبەت بۆ كاروباری چاپ و چاپەمەنی دانراوە بەناوی ( لیژنەی چاپەمەنی و بلاَوكراوە ) كە زۆربەی نوێنەر وەزارەت و بەرێوەبەرایەتیە گشتیەكانی تێدایە (١٦).

بوونی ئەم چاودێرانە بە پلە و جۆری جیاواز و دەسەلاَتی پێدراویان ، جەخت لەسەر ئەم راستیە ئەكاتەوە كەمەرج نیە دوای دەرباز بوون لە سانسۆری مۆلەت ، رۆژنامەنووسی ئاسوودە بێت ، دەسەلاَتی سیاسی بۆی هەیە لە دوای مۆلەتەوە ، چاودێری بخاتە سەر و بازنەی ئازادی تەسك بكاتەوە تا ئەوەی لە پەخشێ بخات .

لە وولاَتانی رۆژهەلاَت و جیهانی سێدا ، سانسۆری چاودێر ، بە پێی باردۆخی سیاسی و شێوازی حوكمداری دەگۆرێت ، بەلاَم لە ماهیەت و زەبردان لە ئازادی بیروباوەر و داهێناندا هەموویان كاریگەریان هەیە ، دانانی چاودێر و دامودەزگای تایبەت بە چاودێری و بە دوادا چوون بۆ دوو مەبەستی سەرەكی یە :

١- رێگرتن لە لێشاوی رۆژنامەنووسی و هەولی كۆنترۆلكردنی رۆژنامەسیاسیەكان .

٢- كورتكردنەوەی مەودای ئازادی رۆژنامەنووسی و گەمارۆدانی بە هۆی چاودێر و لێپرسینەوە .

دیارە سزای دادگایكردن و سزادانی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و رۆژنامەنووسان بە هۆی راپۆرت و لەسەر نووسینی دام و دەزگا چاودێرەكانەوەیە ، زۆر جار هەر لەیاسای چاپەمەنیدا هێلە سوورەكانی سانسۆر دیاریكراون و بەندەكانی ماف و ئەركی رۆژنامەنووسان دەست نیشان ئەكەن ، لە مێژووی رۆژنامە نووسیدا ئاماژە بەوە ئەكرێ كە سولتان و گەورە پیاوان خۆیان بوونەتە چاودێر بەسەر رۆژنامەكانەوە لە دەولەتی عوسمانیدا لە سالی ١٨٥٧ز دوای ئەو هەموو گۆرانەی لە یاسای چاپەمەنیەكاندا كرا لە سالاَنی ١٨٥٧ز تا ١٩٠٠ز كرا وەك د.

کمال مەزهەرئەلیٚ(( ڕۆژنامەنووسان مافی ئەوەیان نەما بە هیچ کلۆجێك ناوی مەدحەت پاشا و دەستوور ودینامیێت و بۆمبا و شۆرش و سۆشیالیزم و ماف و مانگرتن و ئازادی و سەربەستی و یەکسانی و خەبات یاباسی کوشتن ولابردنی هیچ فەرمان ڕەوایەك بنووسن.تەنانەت ماوەی ( فیلّ و فەرەج و قاچاخ ) یش بۆرۆژنامەنووسان نەمابوو چونکەسولّتان خۆی رەقیبی چاپەمەنیەکانی ئەستەمبوول و پیاوە دلّسۆزەکانی هی شارە گەورەکان بوون ))(١٧).

سانسۆری چاودێریکردن ، ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ دادیگایکردنی قەڵەمی ڕۆژنامەنووسان و زیندانیکردنیان و سەندنەوەی مافی بلاّوکردنەوەی چاپەمەنیەکان ، چاودێرەکان کە چاوساغ و هەوالّ دزی دەسەلاّت بوون بوونە قەستەسەری ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دروستکردنی کەش و هەوای ترس و سلّەمینەوە ، بە تایبەت لە سایەی رژێمەدیکتاتۆر و توتالیتاریەکاندا کە بە هەموو شێوەیەك و ڕێگایەك هەولّی مانەوەی دەسەلاّت و کپکردنی دەنگی بەرامبەر ئەدەن .

نموونەی دادگایکردنی ڕۆژنامەنووسی لە جیهان و عێراق و کوردستاندا ، زۆرن بۆ نموونە دادگایکردنی ڕۆژنامەی نیشتمانی ١٩٤٦ کە خاوەنەکەی عەزیز شەریف بوو ، بە تۆمەتی ئەوەی بابەتێکی دژ بە حکومەت بلاّوکردۆتەوە و باسی لەسستی دەسەلاّت کردووە (١٨).

***سانسۆری ئابووری :***

وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا ، سانسۆر لە هەموو سەردەم و لە سایەی رژێم و دەسەلاّتێکی سیاسیدا بە جۆری جیاواز بووە و ڕۆلّی نیگەتیڤی بینیوە ، کەم تا زۆر ڕێگای لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی گرتووە ، دیارە ڕۆژنامەنووسی پیشەسازییەکە ، ناوەخنەکەی ڕووناکبیریە ، بە واتا دوو بالّی تەواو کەری یەکترن : سەرمایەی فیکری و سەرمایەی مادی ، بۆ هەر پرۆژەیەکی ڕۆژنامەنووسی ، پێویستی زۆرمان بە سەرما یە هەیە ،هەر لە ئامێری چاپەوە تا کەرەسەی کاغەز و مەرەکەب و پلێت و هتد ... پالّپشتی دارایی بۆکاری ڕۆژنامەنووسی فاکتەرێکی گرنگە ،هیچ بلاّوکراوە و دەزگایەکی پەخشکردن بەبیٚ پالّپشتی ئابووری و بوونیسەرمایە بەردەوامی بەخۆیەوە نابینیٚ بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمرۆداکەبۆربۆرێنی ڕۆژنامە وگۆڤارەکان تەنیا لە ڕووی ناوەرۆکەوەنیە ،بەلّکو بۆربۆرێنی ڕاستەقینە لەسەر ڕاکێشانی خوێنەرە بە ڕازاندنەوەی ڕوخسار و ڕەنگ و وێنەی جۆراوجۆر ، لە ئەمرۆدا وێنە زیاتر لەسەدان وشە زیاتر ئەدویٚ و تەکنیکی دەرهێنان و نەخشەکێشان زۆر بایەخی پیٚ دراوە ، کەئەمانە بە پارە و ئامێری نویٚ دەکرێن ، سانسۆری ئابووری زیاتر شێوازێکی نهێنی هەیە ، دەستێکی نادیارە و بەرۆکی

ڕۆژنامەنووسی گرتووە و ئەتوانی بڕستی لێبڕێ . لە ڕژێمە دیكتاتۆر و تۆتالیتاریەكاندا بە شێوازی دانانی باج و گرانكردنی كەرەسەكانی چاپەمەنیەوە ، كار ئەكەنە سە نرخی ڕۆژنامەكانی دەرەوەی دەسەلات و وا ئەكەن نرخیان زۆر بێت و بازاڕیان كەم و ڕێگا لە چوونە دەرەوەیان ئەگرن .

لە دوای شۆڕشی پیشەسازی و كەڵەكەبوونی سەرمایە ، جۆری نوێ لە ئامێری چاپ كەوتە ناوەندە ڕووناكبیریەكانەوە ،لێرەوە سەرمایە پێویست بوو بۆ دابین كردنی ئەو ئامێرانە و خێراییلەچاپدان و بلاوبوونەوە ، ئەبێ ئاماژە بەوەش بدەین كە لە ڕۆژئاوا دا ، ڕووناكبیری بەتێكەلاو بوونی لەگەڵ پیشەسازیدا ، شێوەیەكی بازرگانی وەرگرت ، ئەو بەرهەمانەی زیاتر بابەتی بازاڕی بوون و ڕیكلام و وێنەیان بایەخ پێدەدا ، بەشداربوویان زۆرتر بوون و دەستكەوتی باشیان بۆ خاوەنەكانیان بە دەست ئەهێنا ، زۆر لە بلاوكراوەكان بۆ مەبەستی بازرگانی لەلایەن خاوەن سەرمایە و پارەدارانەوە مۆنۆپۆل دەكرا و خاوەن بەهرە و نووسەرە بە تواناكان بە هۆی نەبوونی دەرامەت یان لە گۆڕەپانی فیكر و ڕۆژنامەنووسی ئەچوونە دەرەوە و بەرهەمەكانیان ڕووناكی نەئەدی یان ناچار ئەبوون بكەونە ژێر مەرجی خاوەن چاپخانەو ڕەحمەتی بازاڕەوە ،ئەم كێشەیە لەسەرەتای شۆڕشی چاپەمەنی‌یەوە بەسانایی دەركەوت ولە دوای شۆڕشی پیشەسازی بە تەواوی كاریگەری خۆی سەپاند ، تا لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا بووە بانگەواز و بە ناوی (ئازادكردنی ڕاگەیاندن لە ژێردەسەلاتی سەرمایە بە تایبەت لە وولاتە سەرمایەداریەكاندا ) بەرزكرایەوە ، یەكەم جار لەلایەن سیاسە تمەداری فەرەنسی ( لیون بلوم ) وە خرایە ڕوو ولەووتارێكی ڕۆژی ١٩٢٨/٤/١ دا بلاوی كردووە ، ( لیون بلوم ) لە ووتارەكەیدا پێشنیاری ئەوەی كرد حكومەتی فەرەنسا،یارمەتی ڕۆژنامەحیزبیەكان بدات بە شێوەی دابینكردنی ئامێر وكەرەسەی چاپ ، تابتوانن لەسەر پێی خۆیان بووەستن بە بەردەوامی دەرچن و بەرەنگاری ڕۆژنامە حكومی و خاوەن سەرمایەدارەكان ببنەوە(١٩).

سانسۆری ئابووری لە جۆرەكانی تری سانسۆر زیاتر و قورستر خۆی سەپاندوە ، بەتایبەت بە هۆی گەشەی سەرمایە و شۆڕشی پەیوەندیەكان و زۆربوونی ئامێری نوێ و تەكنەلۆژیای سەردەمەوە . بایەخدانی گۆڤار و ڕۆژنامەكان بە ڕیكلام بە مەبەستی بازرگانی و دەستكەوتی مادی كاری كردۆتە سەر ئازادی بلاوكردنەوە ( حریة النشر ) بە تایبەت لە ڕژێمە لیبراڵ و دیمكرات خوازەكاندا كە بایەخ بە بازاڕی ئازاد ئەدەن ، هەموو جۆرەكانی پێشووی سانسۆر وەك ( مۆڵەت و چاودێری ) ڕەتدەكەنەوە ، بەلام بە شێوە نهێنیەكەی ، سانسۆری ئابووری پیادەئەكەن .

بەلای زۆر نووسەر و رۆژنامەنووسەوە ، سانسۆری ئابووری ، هەر چەوساندنەوە و سانسۆری کۆمەلآیـەتی وسیاسی یە ، غازی حەسەن پێی وایە (( یـەکێك لـەو حاڵەتانـەی بـە درێـژای مێـژووی رۆژنامەگەری ، هەمیشە بـەزەقی بەرەنگ و روخساری رۆژنامەگەرییەوە دیارە مەسەلەی پارە و دابینکردنی سەرچاوەی داریـیـە ، بـۆ بـەردەوام بـوون دەرچوونی رۆژنامە و گۆڤاروبلاٌوکەکان بووە ، کەهەمیشە پارە و توانای دارایی زۆرو داهاتی زۆر کـەمیان بـە نێو چەوانەوەیـە..... چەوساندنەوەی ئـابوریش ،هەرچەوسانەوەیەکی کۆمەلآیەتی و سیاسییە ،لـە ئاکامیشـدا چەوسانەوەیەکە بۆ مەسەلەی ئازادی سیاسی و ئازادی رۆژنامەگەریش دەگەرێتەوە ))( ٢٠ )

مەترسی سانسۆری ئابوری لەسەدەی بیستەمەوە ،سەرنجی زانـاو نوسـەرو سیاسـە تمەدارانی راکێشـاوە و زەنگی مەترسیان بۆ سەر ئازادی بیروراێداوە هەرلێرەوە چەندین رێگـا چـارە خراونەتـە روو بـۆ رێگرتـن لـە هـەژموونی ئـابوری ومەترسیەکانی لەوانـە :خۆمـاڵی کردنی پیشـەی رۆژنامەنوسی لەلایـەن دەوڵەتـەوە ( تـأميم صناعـه الصحافه ) ، یان هاوکاری کردنی دەوڵەت بۆ سەندیکای رۆژنامەنوسان و نووسەر یان بەهێز بوونی رێکخراوەکانی رۆژنامەنوسی راگەیاندن ، دانانی بودجەی تایبەت بۆ بلاٌوکـراوە فیکرییـەکان ، تـابتوانن دەسـتەمۆی دەسـتەلآت نەبن و رێگا لەسانسۆری ئابوری بگرن ( ٢١ )

## د- سانسۆری خودی ( الرقابه الزاتيه ) :-

ئەم جۆرە لە سانسۆر پەیوەندی راستەوخۆی بەکەسی رۆژنامە نووس و نووسەری رۆژنامەوە هەیە ، بەوەی تاچەند لە ناخەوە ئازادەو بە ویژدانەوە ،راستگۆیانە و بێلایەنانە مەسەلەکان تـاوتوێ ئەکات و هەواڵ شیدەکاتەوە ، هۆشیاری رۆژنامەنووسو هەواڵ نێر و کادیری رۆژنامەنوسی ، مـەرجێکی گرنگـە بـۆ پـسانی تەلبـەندی سانسـۆری خودی ، دیارە سەرمایەی روناکبیری وائەکات رۆژنامەنوس مەودای بـیرو ئایدیـاو هەڵوێستی دووربـین و واقعیانـە بێت ، بە پێچەوانەش تـائاسـتی هۆشیاری کـەمترو بـێ ئاگـای زۆر بێت ئـەوا لایـەنی دەمارگـیری ، بـەرژەوەندی پەرستی ، سۆزی خێلآیەتی و نەتەوەی و ئاینی بەسەریا زاڵ ئەبێت و زیاتر وزیاترمل کەچی تـابۆکانی سیاسەت و کۆمەڵگا ئەبێت و ناتوانی لێیان دەربازبێت ، رەنگە لـە رۆژهـەلآت و تەنانـەت رۆژئاواشـدا دەستەوکەسـان هـەبن ،هەرچەند روناکبیرو هۆشیار بەلآم ویژدانیان مردووە وراستی‌یەکان ناخەنە روو ، زیاتر هەوڵ ئـەدەن رای گشتی چەواشە بکەن و بە نەزمی دەستەلآت بنوسن ، بەمـەش سانسـۆری خـودی ئەخەنـە سـەر بەرهەمـەکانیان و خۆیـان ئەخلەتێنن .

ڕۆژنامەنووسی پیشەی گەڕانە بەدوای سەرقاڵی و ماندووبوندا ، ڕۆژنامەنووسی بە ئاگاو هۆشیار ئەركو مافی خۆی ئەزانێ و هەمیشە بابەت زاڵ ئەكات بەسەر خوددا ، هەر بۆیە ئەبینین زۆر لە ڕۆژنامەنوسانی خاوەن هەڵوێست دژی بۆ ماوەو نەریتی سوواو دیاردە دزێوەكان ئەجەنگن و لە پێناوی ڕاستی پەیامەكەیاندا سەرو قەڵەمیان ئەبەخشن ٠

بۆ رەتكردنەوەی سانسۆری خودی پێویستە بەر پرسیارێتی پیشەی ڕۆژنامەنوسی بالاتر بێت لەبەرژەوەندی خودی و ڕام بوون بۆ لێپرسراو و دام و دەزگاكانی دەوڵەت ، هەر ئەم خاڵە گرنگە لە پێڕستی ( لائحە ) ی میونخی ساڵی ١٩٧١ دا هاتووە (( كە لێپرسراوێتی ڕۆژنامەنوس بەرامبەر بە خەڵك لەبارترە لە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە بەڕێوەبەرەكان یان دەوڵەت )) ( ٢٢ )

هەروەها پێویستە لەسەر هەر ڕۆژنامەنوسێك كە ئەركی ئەم پیشەیە هەڵدەگرێ وەك لەلایەن فیدرالیەتی نێو دەوڵەتی بۆ ڕۆژنامەنوسان و یەكێتی ڕۆژنامەنوساندا لە ئەوروپا ،دانی پێدانراوە " مەرجە چاودێری ئەم بنەما باسكراوانە بكات لە چوار چێوەی یاسای گشتیدا ، لەسەر دەوڵەت و ڕێكخراوە ڕۆژنامەوانیەكان و ڕێكخراوە پیشەییەكان و لایەنە قەزاییەكانە كە ئەم بنەمایانە جێبەجێ بكەن " (٢٣) .

دیارە سوربوون لەسەر دەست تێوەر نەدانی دەوڵەت و دەزگاكانی لەكاری ڕۆژنامەنووسیدا بۆ ئەوەیە ڕۆژنامەنووس نەكەوێتە ژێر فشاری ئابووری و سیاسی دەستەلات و ناخی بارگاوی نەبێت بە مەترسی نانبڕان و دادگایكردن و لێپێچینەوە ٠

تا بازنەی ئازادی فراوانتربێت ، ڕۆژنامە نووس زیاتر هەست بەرەهای ئەكات لە نووسیندا بە مەرجێ هوشیارانە لەگەڵ كەش و هەوای ئازادیدا مامەڵە بكات و ئازادی نەكاتە سەكۆیەك بۆ هێرش و ناوزراندنی بەرامبەر تا ناو بانگی پێ دەربكات و بەرژەوەندی خۆی بخاتە پێش بەرژەوەندی كۆمەڵەوە ، دیارە لەرژێمە دیكتاتۆرییەكاندا ، مەسەلەی ترس و سڵەمینەوە لە وتنی ڕاستی بە شێوەیەكە ڕۆژنامەنووس خۆی دەبێتە سانسۆری دەستەواژە و دەربڕین و پەردە پۆشی ڕاستییەكان ، یان لە ژێر ناوی ترو بەرگ و پۆشاكی ترەوە ڕێگا بۆ نووسینەكانی ئەدۆزێتەوە ، وەك ئەوەی بابەتێكی سیاسی لە قاڵب و داڕشتنەوەی ئەدەبیدا ئەنووسێ ، مەسەلەیەكی سیاسی دوور لە ناوەندەكەی خۆی ئەكاتە مەبەست بۆ هێرش كردن بۆ سەر دەستەلاتی ناوخۆ ، یان لە گێڕانەوە بە ناوی ترو قەڵەمی ترەوە ٠

هەموو ئەمانە جۆرە سانسۆری خودین ( الرقابە الژاتیە ) کەنووسەر و ڕۆژنامەنووس خۆیان ئەیخولقێنن ، جا هۆکارەکەی بارو دۆخی سیاسی یان دواکەوتووی کۆمەڵگاو نەریتی باو بێت یان بەرژەوەندی خودو زاڵ بونی خواست و بۆ چوونی خود بەسەر بابەتدا .

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس سنوری سانسۆری خودی کورت بکاتەوە ، پێویستەرێز لە ڕاستی بگرێت و بابەتیانە لەگەڵ رووداوو هەواڵدا مامەڵە بکات ، هەمیشە لە ناخیدا ئەو بۆ چوونە بەر جەستە بکات کە زانینی راستی مافی خەڵکە ، هەرەوەها بلاو کردنەوەی راستیەکان (( وەك ئەوەی کەلە بنەڕەتدا ئەیزانی و نەلێبڕێ و نە بەشێك لە زانیارییەکان و بڕگەیەك لە بلاو کراوە یا بەڵگە نامەکە کەم بکاتەوە )) (٢٤).

## ئەنجام

لە ئە نجامی ئەم توێژینەوەیەدا ، ڕوون و ئاشکرا ئەبێت کە سانسۆری ڕۆژنامەنوسی بەو جۆرو شێوازانەی لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا باسمان کردن ( سانسۆری مۆڵەت ، چاودێری ، ئابوری ، خودی ) لەسەرەتای شۆرشی چاپەمەنی سەدەی پازدەهەمەوە ،زەبری کاریگەرو کوشندەیان لەئازادی ڕۆژنامەنوسی داوە ،لەهەر قۆناغێکی جیاجیادا بەهەر بیانویەك بوبێت ڕێگر بوون لە گەیاندنی ڕاستی بۆ خوێنەر و جەماوە و رای گشتی یان بەرەو چەواشەکاری بردووە . ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی شێوازەکانی سانسۆری خستە ڕوو ئەو ڕێگا چارەسەریانەش کەلە زەبری کەم ئەکەنەوە کە زیاتر خۆی لە فراوان بوونی ئازادی بیرو ڕادا دەبینێتەوە .

لەم توێژینەوەیەدا ئەوە بەرجەستەبوو کە هۆشیاری ڕۆژنامەنووسی بەرامبەر ئەرك و مافەکانی خاڵی سەرەکین لە دۆزینەوەی چارەسەرکردنی سەرکوتی سانسۆرو داواکانی دا ، دیارە ئەم توێژینەوانە بە زمانی کوردی ئە نجامی گشتی ئەدەن بەدەستەوە و ئەبنە ڕێنوێنی نووسینی تر لە بارەی سانسۆرەوە بە تایبەت لە هەل و مەرجی ئەمرۆی کوردستان و دەوروبەردا ، خاڵێکی تر کەلە ئە نجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەرئەکەوێ ئەو سودو ئاگاداریانەیە کە ڕۆژنامەنوسیی کورد لە ئەزموونی چەندین ساڵەی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی و خەباتی بێ وچانی ڕۆژنامەنوساندا بە دەستی ئەخەن لە پێناوی چۆکدادان بە سانسۆرو سەرچاوەکانیدا و دۆزینەوەی هۆکارو چارەسەرکردنی .

هەرلەناوەرۆکی توێژینەوەکەدا ئەو ڕاستیە جاریکیتر کەوتەوەڕوو کە پیشەی ڕۆژنامەنووس ، پیشەیەکی گران و سەخت و پڕ ماندوبونە ،دڕدانە بە سانسۆر و هەموو ئەو کۆسپانەی دێنەڕێی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی ، هەموو ئەو



کتێبخانەی زانکۆ
دوریات
گۆڤارو ڕۆژنامەو زنجیرە دەکرێت .

سانسۆرانەی باسکراون و ئەمانەش کەلە توێژینەوەی تردا بە درێژتر باسی ئەکرێن، بەرەورووی رۆژنامەنووس ونووسەری رۆژنامە ئەبنەوە ·رۆژنامەنوسی قەڵەم پاك و راستگۆ و رووناکبیر ، یەکەم قوربانی سانسۆرە و قەڵەمەکەی سەنگەری بەرگریە لەئازادی ، هەمووبەندو کۆتەکانی سانسۆر بۆ ئەو لەکەمیندان و ئەیانەوێ پەیامەکەی ناکام بکەن، هەروەها ئاماژە بەوەشدرا کە رۆژنامەنووسی ئێمە چەند بەدەست سانسۆرو بەندەکانی یاسای چاپەمەنی یەوە موبتەلا بووە و لەهەر قۆناغێکدا باجی خۆی داوە ·

دەرئە نجامێکی تر لەو بۆ چونەوە دەرکەوت و رونکرایەوە کە یاسای چاپەمەنی و بەندەکانی لەهەر شوێن و کاتێك و لەهەر سەرچاوەیەکەوە دەربچن ، جۆرێك لەسانسۆر پەیرەو ئەکەن ، جاسانسۆری ( مۆڵەت ) یان چاودێری یان ( ئابوری ) بێت · سانسۆری ( خودی ) یش پەیوەندی بە کەسی رۆژنامەنوس خۆیەوە هەیە.

## پەراوێزو سەرچاوەکان


١. دایوش اشوری ،دانشنانەسیاسی ،فرهنط واصطلاحات مكتبهای سیاسی ،انتشارات مروارید ،تهران چاپ پنجم ١٣٧٨، ل ١٩٦ ·

٢. هەرئەو سەرچاوەو لاپەڕەیە ·

٣. بروانە :د·محمد فرید محمود عزت ،قاموس المصطلحات الاعلامیة ،انجلیزی —عربی ،دار الشروق للطباعة ،جلة ١٩٨٤ ط١ ٦٩

٤. بروانە : داریوش اشوری ، سەرچاوەی پێشوو

٥. د·کمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنانووسیی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٢٨

٦. هەر ئەو سەرچاوەو لاپەڕەیە · ل ٢٧، ٢٨

٧. بروانە — عبدالجبار محمد جباری ، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ·کەرکوك — سلێمانی ١٩٧٠

٨. عبداللطیف حمزة ، ازمة الضمیرالصحفی ، دار الحمامی للطباعة ، قاهرة ، ١٩٦٠، ص٥٧ ·

٩. بروانە سەرچاوەی پێشوو ·

١٠. بڕوانە : عبدالطيف حمزه ، الاعلام لهُ تاريخهُ ومذاهبهُ ، دار الفكر العربى ، قاهرة ١٩٦٥ ص ٩٤

١١. بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٠

١٢. بڕوانە :نەوشیروان مستەفا ئەمین چەند لا پەڕەیەك لەمێژووی ڕۆژنامەوانیکوردی. ١٨٩٨-١٩١٨ بەرگی یەکەم ، لە بلاْوکراوەکانی دەزگای پەخشی سەردەم ،سلێمانی ٢٠٠١ ، ل١٣٠

١٣. بڕوانە : ناوو ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە و بەراوردیان لەگەڵ ئەو بلاْوکراوانەی لەسایەی دەستەلاْتی سیاسی بێگانەدا دەرچوون و ملکەچی یاسای چاپەمەنی و بەندی سانسۆری مۆڵەت بوون ٠

١٤. بڕوانە : عبدالگيف حمزه ، الاعلام له تاريخهو مژاهبه ، ص ١٠١

١٥. دكتور فاروق ابو زيد ، النقم الصحفيه فى الوگن العربى ، قاهره ١٩٨٦،ص٣٩

١٦. بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ل ٤١

١٧. د٠ کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی ، سەرچاوەی پێشوو ل ٥٣ ،٥٤

١٨. بڕوانە : سەردار عەزیز خۆشناو ، لەنێوان ئازادی و ڕادەربڕین و پابەندبوون بە یاسادا ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ١٩٩٩ ل ٢٥

١٩. بۆ زانیاری زیاتر ، سەبارەت بە هەوڵ و کۆششی نووسەرو لیژنەو پێشنیارەکانی دژ بە مۆنۆپۆڵی ڕۆژنامە نووسی بڕوانە : الدكتور مختار التهامى ، الصحافه و السلام العالمى ، دارالمعارف بمصر القاهره ١٩٦٨ ، ص٢٦٢ —٢٧٥

٢٠. غازی حەسەن، سەرکوتی ڕۆژنامەی کوردی لە سێبەری یاسادا ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ، ١٩٩٨، ل٨٠

٢١. بڕوانە : الدكتور مختار التهامى ، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٧٥

٢٢. د٠صلاح عزیز، محسن ئەدەیب ،ڕێبەری کردەیی بۆ ڕۆژنامەنووسان لە بلاْوکراوەکانی ڕێکخراوی ASK ٢٠٠٢ ،ل-١٧

٢٣. هەرئەو سەرچاوەیە ، ل. ١٩

٢٤. هەرئەو سەرچاوەیە ، ل. ١٨

# الرقابة الصحفية اساليبها ،انواعها ومستوياتها

## الخلاصه

ان الرقابة الصحفية قديمة ،وقد ظهرت مع ثورة الطباعة في القرن الخامس عشر باسلوب جديد، واعاقت حرية الصحافة ، في أي مجتمع واية مرحلة من الاشكال.

وقد بحث كثيراحول حرية الصحافة ،ولكن قلّ حجم البحوث التي تخص والرقابة كند صارم تجاه حرية التعبير ،خصوصاً باللغة الكردى والتي حتى الآن يعود تأريخ الصحافة فيها الى مئة وخمسة أعوام ،وقدلحقهاوباء (الرقابة) التي قمنا بدراسة أنواعها في هذا البحث نحو: رقابة الترخيص ،رقابة المراقبة،الرقابة المالية ، الرقابة الذاتية ،وأيضاً اسباب يدّوها في الانظمة المختلفة ، كما و بحثت سبل معالجتها وصدّها من قبل الصحفيين والنخبة.

ان هذا البحث كان بداية لعشرات من البحوث الاخرىَ التي من الممكن أن تكتب باللغة ألكردية ، وتكون بالمستقبل جهداً لتوسيع مجال حرية الصحافة وتشجيع وحث الصحفيين ليدركوا حقوقهم وواجباتهم ،وليدركوا في هذا الظروف وفي المستقبل رسالتهم التي هي الصدق وصون المصالح العامة ،ومن اجلها يواجهوا جميع أنواع الرقابة.

# Press Censorship It's Styles , Types and Standards


## Abstract

*Censorship of the press has and history which goes back to the printing revolution during the fifteenth century in which it appeared in new styles . At any stage and under any political power , and in any society it obstructed the path of freedom of the press in different forms and styles. There have been many researches and studies about the press freedom , but only a few have been about 'Censorship' as an effective opponent against the freedom of thought and speech . As to the Kurdish Language , the history of journalism goes back to one hundred and five years ago . It also, suffered from the plague of 'Censorship' right from the beginning . In this research , the types of Censorship have been shown and explained , among these : Censorship of authorization , Censorship of monitoring , Censorship of finance journalism , and self- Censorship as well Besides , the factors behind Censorship and its appearing among different regimes , AS well as solutions and ways of combating those factors by journalists and the intellectual elite have been discussed .*

*This research could be considered the first steep of tens of other academic studies and researches , to be written in Kurdish , that can be an attempt to widen the scope of freedom of the press .It may also be an encouragement to journalists to realize their own duties and rights , and to persist in their massage , which is truthfulness and protecting the public interest , for today and tomorrow as well . It is , also , an effort to let the journalists face the different faces of Censorship.*